# هەواڵەکانی کوردستان

## لە شاری جوانڕۆ وێبلاگ نووسێك گیرا

بە پێی هەواڵی گەیشتوو، ئومید وەلیزادە نووسەری وێبلاگی جوانڕۆنیوز و چالاکی سیاسی، شەوی دووشەممە ٧ی ڕێبەندانی ١٣٨٧، لەلایەن هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیم لەو شارە گیرا.

بە پێی هەواڵ، تاوانی ئەو وێبلاگ نووسە لاوە، بڵاوکردنەوەی درۆ و بێ ڕێزی بە نوێنەری ڕژیم لەو شارە، هاندانی خەڵك و تێکدانی سەقامگیری و ئاسایشی نەتەوەیی ڕژیم ڕاگەیێندراوە.

خانەوادەی ناوبراو تا ئێستا هیچ زانیارییێکیان لە چارەنووسی کوڕەکەیان نیە.

***

## گیرانی سێ کەس لە خەڵکی قوم قەڵای مەهاباد

بە پێی هەواڵی هەواڵدەری موکریان، سێ کەس لە خەڵکی دێی قوم قەڵای مەهاباد بە ناوەکانی هیوا پوورمەند کوڕی محەممەد، وەهاب فەتاحی کوڕی فەتاح و جەلال عەزیز موورادی کوڕی حسەین، لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا لەلایەن هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیمەوە گیراون.

وەك دەگوترێ ئەو هێزانە لە دوای گیرانی ئەو سێ کەسە ماڵەکانیشیان پشکنیون. تا ئێستا هۆی گیرانی ئەو کەسانە لەلایەن بەرپرسانی ڕژیمەوە ڕانەگەیێندراوە.

***

## گیرانی دوو خوێندکار و لاوێك لە ڕەوانسەر

خوێندکارانی پارێزەری مافی مرۆڤی کوردستان، دوو خوێندکاری کوردی خەڵکی ڕەوانسەر لە ڕۆژی یەکشەممە ٦ی ڕێبەندانی ١٣٨٧ گیراون و تا ئێستا چارەنووسیان نادیارە.

ئەو دوو خوێندکارە بە ناوەکانی ڕەحیم محەممەدی و محەممەد صادقی نیشتەجێی شاری ڕەوانسەری ئوستانی کرماشان لەگەڵ لاوێکی ١٨ساڵانی دیکە بە ناوی بێهزاد لەلایەن هێزە ئەمنیەتیەکانی ڕژیمەوە گیراون و لەگەڵ لێدان و شکەنجەی بەردەوام و بێ ڕێزی بۆ شوێنێکی نادیاریان بردوون.

بە دواداچوونی خانەوادەکانی ئەو خوێندکارانە تا ئێستا هیچ ئاکامێکی نەبووە و ئەوانیش هیچ پێوەندییێکیان لەگەڵ خانەوادەکانیان نەبووە.

لە تاوانی ئەو دوو خوێندکارە و ئەو لاوەی کە لەگەڵیانە هیچ ڕانەگەیێندراوە.

***

## حوکمی دوو ساڵ زیندان بۆ کەسێکی سەڵماسی

هەواڵدەری موکریان، هاووەڵاتییێکی سەڵماسی بە ناوی بەهرام جەندەوی بە دوو ساڵ زیندان مەحکوم کرا. ناوبراو کە دوو مانگ پێشتر لەلایەن هێزە ئەمنیەتیەکانی ڕژیمەوە گیرابوو، لەلایەن دادگای ڕژیمەوە لە مەهابادبە تۆمەتی ئەندامێتی لە یەکیك لە حیزبە کوردستانیەکان دوو ساڵ زیندانی بە سەردا سەپاوە.

شایانی باسە بەهرام جەندەوی لە زیندانی مەهاباد ماوەی حوکمەکەی دەباتە سەر.

***

## حوکمی زیندان و قەمچی بۆ وەرزێرانی ناوچەی ورمێ

بە پێی هەواڵ، ٢٥ کەس لە وەرزێرانی سوننی مەزهەبی خەڵکی دێی "قیزیل خەنیە" (خانقاه سرخ) لە ورمێ کە بە هۆی نارەزایەتی لە گۆڕانی ڕێگەی ئاوە ژێرزەمینیەکانی ئەو دێ یە گیراون و حوکمی زیندان و تەبعید و قەمچیان بە سەردا سەپاوە. دەزگای دادوەری ڕژیم تاوانی ئەو کەسانەی تێکدانی نەزمی گشتی و مل نەدان بە داوای هێزەکانی ڕژیم ڕاگەیاندوە.

ڕۆژی ٢٤ی بەفرانباری ١٣٨٧ سەدان کەس لە وەرزێرانی دێی قیزیل خەنیە بە مەبەستی ڕێگەگرتن لە گۆڕانی ڕێگەی سەرچاوەی ئاوی ژێر زەوی دێ کەیان، بۆ بەکار هێنانی پیشەسازی، کۆبوونەوەیێکی ئاشتیخوازانەیان لە سەر ڕێگەی ورمێ ـ سەڵماس گرت لەگەڵ هێرشی هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیم و تەقە و هاویشتنی گازی فرمێسك ڕێژ بەرەوروو بوون. دێی قیزیل خەنیە سەر بە بەخشی نازلوی ورمێ یە و نزیك بە ٢٠٠ کەسی تێدا دەژی و دانیشتوانی ئەو دێ یە بە زۆری تورکمەنی سوونی مەزهەبن.

***

## چالاکێکی مافی مرۆڤ درا بە زیندانی ناوەندی شاری سنە

چالاکی مافی مرۆڤ، جەوادی عەایزادە لە دوای ٢١ ڕۆژ لە زیندانی ئیتلاعاتی ڕژیم لە سنە، درا بە قەرەنتینەی زیندانی ناوەندی شاری سنە.

ئەو چالاکەی مافی مرۆڤ و بێ بەش لە خوێندن، لە دوای قسەکردن لە ڕێ و ڕەسمی ساڵیادی ئیبراهیم لوتفوڵاهی لە سەر گۆڕی ئەو مەرحومە، لەلایەن هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیمی ئێرانەوە گیرا و ٢١ ڕۆژی لە گرتووخانەکانی ئەو هێزانەدا بردەسەر. ناوبراو لە ماوەی گرتنەکەیدا کەوتۆتە بەر ئازار و لێدانی ئەو هێزانە و بێ ڕێزییێکی زۆری پێ کراوە.

ناوبراو بە تۆمەتی هەڵسووڕان دژ بە ئاسایشی نەتەوەیی پروپاگەندە دژر بە ڕژیم و وەرێخستنی ناوەندی ناقانوونی گیراوە، بەڵام ناوبراو ئەو تۆمەتانەی ڕەد کردۆتەوە و دیفاعی لە تەواوی کارەکانی خۆی کردوە شکاتی لە دەزگای دادوەری ڕژیمی ئێران کردوە.

***

## حوکمی سێ ساڵ و ٨ مانگ زیندان بە سەر خوێندکارێکی کورددا

جەمالی ڕەحمانی خوێندکاری ڕشتەی پێشەسازی زانستگای ئیسفەهان بە سێ ساڵ و ٨ مانگ زیندان مەحکوم کرا. ئەو خوێندکارە کوردەی زانکۆی ئیسفەهان ٢٣ی جۆزەردان لەگەڵ خوێندکارێکی دیکە بە ناوی ڕاشد عەبدوڵاهی گیرا و سەرەتا بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕژیم لە شاری کرماشان و دوایی ئیتلاعاتی ڕژیم لە سنە گوازرایەوە.

ئەو کەسە کە خەڵکی کامیارانە ٢٦ی ڕەزبەری ڕابردوو لەلایەن دادگای ڕژیم لە سنە دادگایی کرا و لە ئاکامدا بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێك لە حیزبە کوردستانیەکان ٦ ساڵ زیندان و تەبعید بۆ زیندانی ئیزەی بەسەردا سەپا.

بە نارەزایەتی ئەو خوێندکارە، حوکمەکەی نێردرا بۆ دادگای پێداچوونەوە و حوکمەکەی گۆڕا بۆ سێ ساڵ زیندانی هەڵپەسێردرا و ٨ مانگ زیندان و لە زیندانی سنە پێی ڕاگەیێندرا.

***

## چالاکێکی دیکە حوکمی ئێعدامی بە سەردا سەپا

چالاکێکی سیاسی سەرەتا بە ١٠ ساڵ زیندان مەحکوم بوو بەڵام لە دادگای پێداچوونەوە حوکمی ئێعدامی بە سەردا سەپا. ئیحسان فەتاحیان خەڵکی کرماشان لە مانگی گەلاوێژدا و لە شاری کامیاران لەلایەن هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیمەوە گیرا.

ناوبراو لە دادگای سەرەتایی کە لە مانگی خەزەڵوەردا بەرێوەچوو لەلایەن دادگای ڕژیمەوە ١٠ ساڵی زیندان و تەبعید بۆ زیندانی رامهرمز خوزستانی بۆ بڕیاوە کە لە دوای نارەزایەتی پەروەندەکە درا بە دادگای پێداچوونەوەی سنە.

دادگای پێداچوونەوەی سنە لە دوای لێکدانەوەی پەروەندەکە حوکمی ئێعدامی بە تاوانی ئەندامێتی لە یەکێك لە هێزە سیاسیەکانی کوردستان، بە سەردا سەپاند و ئەو حوکمە حەوتووی ڕابردوو بە ناوبراو و خانەوادەکەی ڕاگەیێندرا.

***

# ئابلۆقەی زۆر توند و جیددی دژ بە ڕژیمی ئێران لەبەرچاو گیراوە



تەلەویزیونی بی بی سی لە ڕاپۆرتێکی تایبەت بە کونفرانسی ئاسایشی مونیخ سەبارەت بە قسەکانی جەو بایدێن جێگری سەرۆك کۆماری ئەمریکا لە بارەی ڕژیمی ئێران گووتی: دەوڵەتی نوێی ئەمریکا داوای لە ڕژیمی ئێران کرد بەرنامەی ناوکەیی خۆی ڕاگرێ.

ئەو ڕاپۆرتدەری بی بی سی گووتی: جەو بایدێن جێگری سەرۆك کۆماری ئەمریکا لە قسەکانی لە کونفرانسی ئاسایشی مونیخ دا ڕایگەیاند: ئەمریکا ئامادەیە لەگەڵ ڕژیمی ئێران ووتوویژ بکا و ئیمتیازیش بدا بەڵام ئەو ڕژیمە دەبێ بەرنامەی ناوکەیی خۆی ڕاگرێ.

ئەو هەواڵدەرە گووتی تا ئێستا ناتوانین بڵێین سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتی ئوباما لەگەڵ بووش چەندە جیاوازی هەیە. بەڵام لە بیرمان نەچێ ئەگەر چی ڕێبەرانی ئەمریکا گۆڕاوون، بەڵام قاوانجەکانی ئەمریکا لە سەرتاسەری جیهان نەگۆڕاوە.

هاوکات وەزیری دەرەوەی بریتانیا تەئکیدی کردەوە کە ئەزموونی ئێمە لەگەڵ ڕژیمی ئێران نیشان دەدا کە دانی ئیمتیاز بەو ڕژیمە ئاکامی نەبووە.

دیوید میلیبەند گووتی: ئەگەر دەستێك بەرەو ڕژیمی ئێران درێژ کراوەتەوە نەیگرێ، ئابلۆقەی توند و جیددی بە سەردا دەسەپێندرێ.

لەلاییکی دیکەوە "وولفگانگ ئایشینگر" بەرێوەبەری سەرەکی کونفرانسی ئاسایشی مونیخ لە قسەکانی عەلی لاریجانی، سەرۆکی مەجلیسی ڕژیم لەو کونفرانسەدا، ناهومێدی دەربڕی.

ناوبراو گووتی: قسەکانی نوێنەری ڕژیمی تاران نەك هومێد بەخش نەبوو، بەڵکوو هێندێ لە بەشدار بووانی بە سەرچاوەی موشکلات ناوبرد.

***

# ووریایی ئاڵمان سەبارەت بە ئابلۆقەی زیاتر دژ بە ڕژیمی ئێران

بە پێی هەواڵی هەواڵدەری فەرانسە لە مونیخ، سەدری ئەعزەمی ئاڵمان ڕۆژی شەممە ١٩ی ڕێبەندانی ١٣٨٧ ڕایگەیاند: ئەگەر دیپلۆماسی سەبارەت بە چارەسەری گەلاڵەی ناوکەیی ڕژیم شکست بێنێ، ئابلۆقەی زیاتر دەخرێتە سەر ڕژیمی ئێران.

ئانگێلا مێرکێل کە لە کۆبوونەوەی ئاسایشی مونیخ قسەی دەکرد، گووتی: ئێمە دەمانەوێ لەگەڵ ڕژیمی ئێران ووتوویژ بکەین، دەوڵەتی نوێی ئەمریکاش ئامادەی هاوکاریە لەو بارەوە، بەڵام ئەگەر بەرەو پێش نەچین لەو بارەوە، ئابلۆقەکان توندتر دەکرێن.

ناوبراو لە قسەکانی دا گەلاڵەی ناوکەیی ڕژیمی بە هەڕشە بۆ سەر ئاشتی جیهانی زانی و گووتی: ئەوە ئەرکی هەموومانە کە ڕێگە نەدین ئەو ڕژیمە دەستی بە چەکی ناوکەیی بگا.

## نارەزایەتی ڕاپۆرتدەرانی بێ سنوور لە بەرەوسەرچوونی سانسۆر لە ئێراندا

ڕێکخراوی ڕاپۆرتدەرانی بێ سنوور بە دەرکردنی ڕاگەیێندراوێك شەپۆلی نوێی ڕاگرتنی سایتەکانی ئینتێرنێت لە لایەن ڕژیمی ئێرانەوەی مەحکوم کردوە.

لە بەشێك لەو ڕاگەیێندراوەدا هاتووە، ڕژیمی ئێران لە دوای هێرش بۆ سەر پارێزەرانی مافی مرۆڤ و ڕۆژنامەنووسان لە ناوخۆی ئێران، سانسۆر لە ئینتێرنێت تەنیا شوێنی ئازاد بۆ ئێرانیەکانی زیاد کردوە.

سانسۆری ماڵپەرە ئینتێرنێتیەکان شتێکی نوێ نیە لە ئێراندا، بەڵام سانسۆری ڕاگەیێنە نێودەوڵەتیەکان بە شێوەیێکی گشتی جێی نیگەرانیە و ئێمە داوا دەکەین کۆتایی بێ بە سانسۆری ڕاگەیێنەکان و سنووردار کردنیان.

ئەو ڕێکخراوە هەروەها سەبارەت بە دادگایی کردنی پەروین ئەردەڵان، جلوە جواهیری، مریەم حسەین خواە و ناهید کەشاوەرز لە دادگای پێداچوونەوە، نارەزایەتی دەربڕیوە.

***

## بەشداریی شاندێکی کومیتەی سوئێدی سازمانی خەبات لە سیمیناری ٢ی ڕێبەندان دا



ڕۆژی شەممە ١٧ی ژانویەی ٢٠٠٩ی زایینی، کومیتەی سوئێدی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بۆ ڕێزگرتن لە بیرەوەریی ٢ی ڕێبەندان ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان، لەشاری سیتۆکهۆلمی سوئێد سیمینارێکی بەڕێوە برد. کومیتەی سوئێدی سازمانی خەبات لەسەر بانگهێشتی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشداریی ئەو ڕێ و ڕەسمەیان کرد کە پێك هاتبوون لە بەڕێزان: کاك یحیی رسولی و کاك سالح محمودی، کە لەلایەن هاورێیان کومیتەی حیزبی دێموکراتەوە بەگەرمی پێشوازییان لێکرا.

***

## بۆچی لاریجانی بە جێگەی ئەحمەدی نژاد بەشداری کۆبوونەوەی مونیخی کرد؟

هەواڵدەری حکومەتی ئینتخاب لە بابەتێکدا بە ناوی " بۆچی لاریجانی بە جێی ئەحمەدی نژاد بەشدار کۆبوونەوەی مونیخی کرد؟" نووسی: بەراستی کام هەواڵدەری و سیاسەتوان بە مێشکی دا دەهات کە سەرۆکی مەجلیس بەشداری کۆبوونەوەی مونیخ بکا؟ دەوڵەتی نۆیەم چی کردوە کە ئەمرۆ بە جێی نوێنەری دەوڵەت سەرۆکی مەجلیس دەنێردرێ بۆ ئەو کۆبوونەوانە؟ بۆ دەبێ گرینگترین قسەکانی نیزام لە زمان سەرۆکی مەجلیسەوە بکردرێ؟ لەو کۆبوونەوەدا بەرزترین بەرپرسانی وەڵاتانی جیهان لە مونیخی ئاڵمان، سیاسەتی دەرەوە و ئاسایشی یان لێکدایەوە.

ئەورۆ لاریجانی لە دەزگای سیاسەتی دەرەوەدا هیچ بەرپرسایەتییێکی نیە. بۆیە حکومەت پێی چاك بوو نوێنەریك بنێرێ کە بە لانی کەمەوە جیهان سەبارەت بەو دژکردەوەی نەبێ.

## ئیسرائیل توانای لە ناوبردنی دامەزراوە ناوکەییەکانی ڕژیمی ئێرانی هەیە

تەلەویزیونی سی ئێن ئێن لە ڕاپۆرتێك سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی ئیسرائیل گووتی: سەرۆك وەزیری داهاتووی ئەو وەڵاتە لەگەڵ کۆمەڵێك کەند و کۆسب بەرەوڕوو دەبێ، لەوانە هەڕەشەی جیددی لەلایەن ڕژیمی ئێران و لە سەر ئەو مەسەلە تێکڕای پاڵێوراوەکان هاونەزەر بوون.

ئەو هەواڵدەریە هەروەها گووتی: هاویشتنی ماهوارە بۆ ئاسمان لەلایەن ڕژیمی ئێرانەوە، سەلماندی کە ئەو ڕژیمە زۆر نزیك بۆتەوە لە تیکنۆلۆژی هەڵگرتنی کڵاوەی ناوکەیی. بەو بۆنەوەی ئیسرائیل دەڵێ ئامادەیە و لە توانایدایە کە دامەزراوەکانی ڕژیمی ئێران لە ناو ببات.